# محمد نديم و بەنرخترین دیاری بۆ لە دایکبوونی پێغەمبەر

سەردار عەبدوڵلا

دایک و باوکەکان وا وەبار هێنرابوون؛ هەمیشە لە و پرسیارانە هەڵبێن کە پیوەندی بە ڕۆژی لە دایکبوونی خۆیان و منداڵەکانیانەوە هەبوو، بەڵام پێش وەخت ڕێکەوتی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەریان دەزانی!
مرۆڤەکان، لە سەرتاسەری زەویدا وا ڕاهاتوون لە ڕۆژی لەدایکبوونیاندا؛ فوو لە مۆم بکەن و کێک دابەشکەن، بەڵام محمد ندیم ئامانە بەکەم دەزانێت و لە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرەکەیدا؛ فوو لە مۆمی ژیانی خۆشەویستترین کەسانی خۆی دەکات و بە چەقۆ سەریان لە لاشەکانیان جیادەکاتەوە!!
بە پێی هەواڵێک کە لە سایتی العربیه کە لە ٢٥ ئەپریل بڵاوکراوەتەوە؛ لە پاکستان لە شاری کەراتشی مامۆستایەک بەناوی محمد ندیم؛ لە چەژنی مەولودی پێغەمبەردا؛ تەواوی خێزانەکەی دەکاتە قوربانی.
شەوی جەژنی مەولود، پاشی پێشکەشکردنی خوانێکی باش بۆ خێزانەکەی؛ تاوانبار نەدیم لە بەرەبەیانی ڕۆژی دویدا دەکەوێتە قەسابی ژن و منداڵەکانی و سەرەتا ژنەکەی کە ناوی شاە جیهانە؛ ئەویش مامۆستا بووە؛ سەردەبڕێت، بەدوای ئەوەدا دەکەوێتە سەربڕینی چوار منداڵەکەی لە گەورەوە بۆ بچووک: فصیح،، حمزە، انتها و فهد کە ١٨ مانگە.
پاشی ئەوەی کە دەر و دراوسێکانی گۆێیان لە هاوار و قیژەی ژن و منداڵاکان دەبێت؛ دەیانەوێت بڕۆن بە هانایانەوە، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازاوە و نەدیمی تاوانبار ئەوەی ویستوییەتی ئەنجامی داوە.
محمد ندیم، هەمیشە ئەرکە ئایینیەکانی بەجێهێناوە و سەردانی مەزاری شێخ و مەشایەخەکانی کردوە و لەوێ خواردنی دابەشکردوە و خێری کردوە، دیارە کە محمد ئەمەی بەکەم زانیوە و بەبیریدا هاتووە کە گەورەترین شتی خۆی بکاتە قوربانی ئایین و پێغەمبەرەکەی؛ کە ئەویش گیانی تەواوی خێزانەکەیەتی.
ئەم تاوانە گەورەییەی محمد خەڵکی پاکستانی تووشی نارەحەتی و سەرسووڕمانکرد. محەمەد ندیم نیشانی دا کە شمشێری ئیسلامییەکان تەنیا بۆ گەردنی لە دیین هەڵگەڕاوەکان نییە، تەنیا بۆ شۆڤێرێکی بییانی و کچیکی مەسیحی نییە لە عیراق؛ ئەم شمشێرە زۆر زیاتر لەوە بڕەدەکات کە دەیبینین، ئەم شمشێرە هیچ سنوورێک ناناسێ و خۆشی لە پێکەنین و بزەی ژیان نایە،تەنانەت ئەم شمشێرە گەر بییەوێت وەک چزوی دووپشک هەڵدەگەڕێتەوە و بە گەردنی خۆشییەوە دەدات، ئەم شمشیرە ژەنگگرتووە تەنانەت دژی ئۆکسجینیشە چونکە دەستی لە دروستکرنی ژیاندا هەیە؛ بەڵام دیارە کە ئۆکسجین تاوانبارە چوونکێ دەستی لە ژەنگهەڵهێنان، کولکردن و کورتکردنەوەی تەمەنی ئەودا هەیە!
محمد نەدیم، نیشانی دا کە ئیسلام مانای شمشێرە و شمشێریش مانای ئیسلام، خیتابی ئیسلامیش خیتابەکەی سەقەفییە هەرکاتێک چرۆی ژیان ببینێت بپشکوێت و سەردەربێنێت شمشێرەکەی هەڵکێشێت و پیمان بڵێت:

انی اری رؤسن قد اینعت و حان قطافها

سەرچاوەی ئەم هەواڵە www.alarabia.net